# شێوە بنەڕەتییەکانی ژانری شیعر لە ڕۆژنامەی (کوردستان)ی تاراندا


**مەریوان عومەر حەسەن[1] - ئاوارە خدر محمود[2]**

[1]بەشـــی زمـانی کوردی، کۆلێژی زمـان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشـی زمانی کوردی، پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.



## پوختە:

زاراوەی ژانر لە بواری ئەدەبدا بەمانای: (شـێوە، جۆر ، چەشـــن، ڕەگەز، توخمی ئەدەبی) دێت، واتە چەمکی ژانر هەمو ئەو چوارچێوە و قاڵبە هونەریانە دەگرنەوە، کە شـاعیران و نوسـەران بۆ لە قاڵبدان و گوزارشـــتکردنی بیر و هۆش و ســـۆزی خۆیـان بەکاریاندەهێنن، لەسەردەمی کۆن (کلاسیک)دا لەسەر بنەمـای پـاکژی ژانرەکـان ســـنوری نێوان ژانرە ئەدەبییەکان بەڕونی دیاریکراوە، بەگشـتی جۆرێک لە ســـەربەخۆیی ژانرەکـان هەبوە، بەڵام لە قۆنـاغی دواتردا ســـنوری نێوان ژانرەکان بەزێنرا و ژانرەکان تێکەڵ و ئاوێتەی یەکدیبون و چون بەنێو یەکدیدا و پیرۆزی و ســـەربەخۆییەکەیان لە دەســـتدا، بۆ نمونە ژانری (چیرۆکە شـــیعر یان پەخشـــانە شـــیعر) کۆکردنەوەی تایبەتمەندی دو ژانر یان زیاترە لەنێو یەک ژانری ئەدەبی تـازەدا، هەروەهـا چوار ژانرە سـەرەکییەکەی شـیعر وەک: (لیریک، داسـتان، دراما، فێرکاری) پەیکەربەندی گشـتی شـێوە بنەڕەتییەکانی ژانری شـــیعر پێکدەهێنن، هەر یەک لەمانەش لەنێو خۆیاندا چەندین شـێوەی دیکەی جیاواز لەخۆدەگرن، هەڵبەت ئەم تـایبەتمەنـدییە لە زۆربەی ژمـارەکـانی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی تاراندا بونی هەبوە.



**کلیلە وشەکان:** ژانر، شێوە، چەشن، شیعر، ڕۆژنامەی کوردستان (تاران)، شیعری لیریکی، شیعری داستانی، شیعری درامی، شیعری فێرکاری.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(2).Paper26
**Received:** 07-July-2022
**Accepted:** 22-Aug-2022
**Published:** 29-June-2023


**Corresponding Author's E-mail:**
mariwan.hassan@univsul.edu.iq
awara.khdir@uor.edu.krd


This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

ژانرەکان پانتاییەکی فراوانیان لە ئەدەبیاتی کۆن و نوێی جیهانیدا داگیرکردوە، یەکێک لەو ڕۆژنامانەی کە گرنگی زۆری بە ئەدەبیاتی کوردی داوە، بەتایبەت ژانری شیعر، بەشێکی زۆر لە ڕوپەڕی ژمارەکانی ڕۆژنامەکەی بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم مەبەستە تەرخانکردوە، بریتییە لە ڕۆژنامەی (کوردستان) لە شاری تاران بە زمانی کوردی و دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی دەرچوە، یەکێک لە بایەخەکانی ئێمە بۆ بەسەرکردنەوەی ئەم ڕۆژنامەیە ئەوەیە، کە تا ئێستا هیچ توێژەرێک توێژینەوەی سەربەخۆی لەسەر ئەم ڕۆژنامەیە نەکردوە، کە بۆ ماوەی زیاتر لە (٤) ساڵ بەردەوام بوە، لە کاتێکدا ئەم ڕۆژنامەیە لە (٢٠٩) ژمارەی ڕۆژنامەکەیدا بایەخێکی گەورەی بە ژانری شیعر داوە، یەکەم ژمارەی لە ڕێکەوتی (٦/ ٥/ ١٩٥٩) دەرچوە، هەروەها دواهەمین ژمارەی ڕۆژنامەکەش لە ڕێکەوتی (٢٩/ ٥/ ١٩٦٣) دەرچوە. واتە ڕۆژنامەی کوردستان لە ماوەی چەند ساڵی تەمەنیدا زیاتر لەهەمو ژانرەکانی دیکەی ئەدەب، گرنگی گەورەی بە ژانری شیعر داوە، شیعر پێگە و گرنگی خۆی هەیە لەم ڕۆژنامەیەدا.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ڕونکردنەوە و خستنەڕوی چەمک و بنەمای شێوە بنەڕەتییەکانی ژانری شیعرە، کە لە ڕۆژنامەی کوردستان–ی تاراندا بڵاوکراونەتەوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە، لە چوارچێوەی میتۆدی چۆنییەتی (Qualitative Method)، وەسفی – شیکاری بۆ شیکردنەوەی زانیارییەکان (Data) بەکارهێناوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە دابەشکراوە بەسەر دو بەشدا، لە بەشی یەکەمدا بەشێوەیەکی تیۆری چەمک و زاراوەی ژانر و خاسیەت و تایبەتمەندی ژانر خراوەتەڕو. لە بەشی دوەمیشدا، کە بەشە پراکتیکەکەی توێژینەوەکەیە، شێوە بنەڕەتییەکانی ژانری شیعر بە نمونەی شیعری نێو ڕۆژنامەکە و شیکردنەوەی پێویستەوە خراونەتەڕو. لە کۆتایشدا ئەنجام و سەرچاوەکانی توێژینەوەکە خراونەتەڕو.

## بەشی یەکەم: ناساندنی چەمک و زاراوەی ژانر:

### چەمک و زاراوەی ژانر:

زاراوەی (ژانر) وەک زۆربەی زاراوە ئەدەبییەکانی دیکە، کە سەرچاوەکەی لە ئەدەبییاتی ڕۆژئاواییەوە دەرکەوتوە، بە شێوەیەکی فراوان لەبواری ئەدەبدا بەکاردەهێنرێت، واتە ڕەگ و ڕیشە و بنج و بناوانی وشەکە لەنێو ئەدەبدا دەگەڕێتەوە بۆ ((ئەدەبیاتی کۆنی گریکی و ڕۆمانی))(مەولود و نازم، ٢٠١٨، ١٩). ئەگەر بڕوانینە وشەی ژانر دەبینین ئەم زاراوەیە: ((ژانر لە وشەی gener ی فەرەنسییەوە هاتوە، بەمانای جۆر، چەشن، ڕەگەز، توخمی ئەدەبی دێت))(هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٨، ٥٢). بەڵام لە بنەڕەتدا وشەی ژانر ((لە زاراوەی لاتینی (genus) وەرگیراوە، کە بەمانای جۆر دێت. Specie, sort, kind))(ڕشام، ٢٠١٧، ٢٤). هەروەها زاراوەی ژانر وەرگیراوی ((زاراوەی ئینگلیزی (Literary genres)، کە بەواتای ژانری ئەدەبی دێت، بنچینەی وشەکەش دەگەڕێتەوە بۆ زاراوەی (genre)ی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper26

فەڕەنسی، هەندێک جار بەرامبەر ئەم زاراوەیە وشەکانی (Kinds, Typs, Forms) بەکاردێت، کە تا پێش سەدەی بیستەم بەکارهێنراون، کە بنچینەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی و ڕۆمانییە کۆنەکان، کە دور نییە وشەی (جنس)ی عەرەبیش لەو وشەیەوە وەرگیرابێت، ئێستا ژانر بەواتای جۆر، بەش، ڕەگەز دێت))(شمیسا، ١٣٨٧، ٣١). واتە زۆربەی ئەو سەرچاوانەی دەربارەی ژانرە ئەدەبییەکان نوسراون، خودی وشەی ژانر دەگێرنەوە بۆ زمانی فەڕەنسی، وەک زاراوەیەکی تایبەت بۆ ژانرە ئەدەبییەکان بەکارهێنراوە، هەروەها ((لەزمانی عەرەبی کۆندا (الفنون الادبیە)یان پێگوتوە، بەڵام لەچەرخی نوێدا پتر (الاجناس الادبیە)یان بۆ داناوە، هەروەها لە زۆر سەرچاوەی تردا (الانواع الادبی) یان بۆ بەکارهێناوە))(مەنتک، ٢٠١٩، ٢٧). لە ئەدەبیاتی فارسیشدا زاراوەی ((انواع ادبی) بەرامبەر زاراوە فەرەنسیەکە دانراوە، هەندێک جاریش زاراوەی (گونەهای ادبی) لەجیاتی بەکاردەهێنرێت))(مەولود و نازم، ٢٠١٨، ٢٠).

لە ئەدەبی کوردیدا ئەم زاراوەیە بە چەندین شێوەی جیاواز هاتوە، وەک: (د.شوکرییە رەسوڵ) بە (هونەرەکانی ئەدەب) و (د. هەڤاڵ ئەبوبکر و د. حەمە مەنتک) بە (چەشنە ئەدەبییەکان) بەکاریانهێناوە، بەڵام بەشێکی دی لە توێژەرانی ئەدەبیاتی کوردی بە (جۆری ئەدەبی یان ژانری ئەدەبی) ناویدەهێنن، ئەم بەکارهێنانی فرەزاراوەییە بۆ ژانرەکان لەنێو ئەدەبی کوردیدا وەک: (ژانر، چەشن، توخم، جۆر، هونەرەکانی ئەدەب ...تاد)، بەڵام لەهەمان کاتدا هەمو ئەم زاراوانە بۆ یەک واتا و مەبەست بەکارهاتون و جیاوازی لەنێوانیاندا نەکراوە، لەکاتێکدا مەبەست و ئاراستەی بیری هەندێک لەم زاراوانە لە یەکدی جیاوازە، بۆ نمونە جیاوازی لە نێوان (ژانر و جۆر)دا هەیە بەوەی، کە جۆر بەشێکە لە ژانر، ((لە ڕاستیدا زاراوەی (ژانرە ئەدەبییەکان) گونجاوتر و گشتگیرتر و لە بارترە لە زاراوەی (جۆرە ئەدەبییەکان) ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە (جۆر) بەراورد بە (ژانر) بچوکترە و تەواوی چەمکی ژانر لە خۆیناگرێت))(هەمان سەرچاوەی پێشو، ٢١). ئێستا لە زۆربەی توێژینەوە ئەدەبیەکاندا زاراوەی (ژانر) خەریکە دەچەسپێ و تاڕادەیەکی زۆر ڕەخنەگرانی ئەدەبی بەکاریدەهێنن، ئەم بەکارهێنانی فرەزاراوەییە بۆ ژانرە ئەدەبییەکان، نەک هەر لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا هەیە و بەدیدەکرێت، بەڵکو لەنێو ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی و تەنانەت لەنێو ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایشدا بەدیدەکرێت، کە بۆ بابەتە ئەدەبییەکان و ژانرەکان وشە و زاراوە گەلێکی دیکەیان بەکارهێناوە. بەڵام ئەم بەکارهێنانی فرە زراوەییە بەردەوام بو تا دەرکەوتنی ((فۆڕمالیستەکان و بونیادگەرەکان، زۆر جار جیاوازی لە نێوان هەندێک زاراوە لە بواری ژانرناسیدا نەکراوە، گەلێک جار ئەم زاراوانە بەهەمان واتای ژانر بەکارهاتون، بە تایبەتی لە نێوان (ژانر) و (جۆر)دا، ژانر لەڕوی بنەرەتی بایەلۆژیەوە بریتییە لە کۆکردنەوەی ئەو جۆرانەی، کە هاوخاسیەتن، یان کۆمەڵێک خاسیەتی هاوبەشیان هەیە، بەڵام (جۆر) (النوع) بریتییە لە لقێکی ژانر و لە ڕێگای ئەم سێ پێورەی خوارەوە جیا دەکرێتەوە:

١- پێوەری مۆرفۆلۆجی Morphologic

٢- پێوەری ژینگەیی Ecology

٣- پێوەری گوێزانەوە یان گواستنەوە ou interfecondite sterile )) .(مەولود و نازم، ٢٠١٨، ٢١-٢٢).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper26

چەمکی ژانر هەمو ئەو چوارچێوە و قاڵبە هونەریانە دەگرێتەوە، کە شاعیران و نوسەران بەکاریاندەهێنن بۆ داڕشتن و نوسین و لە قاڵبدانی ئەو بیر و هەست و سۆزەی دەیانەوێت دەریببڕن، لە چوارچێوەی بەرهەمێکی جوان و بە پێزی ئەدەبیدا، ڕونکردنەوەی چەمکی ژانر لە چەند دێڕێکدا و پێناسەکردنی لەهەمو ڕویەکەوە، کارێکی ئاسان نییە، هەر یەک لەو نوسەران و توێژەران بە شێواز و تێگەیشتن و بیروبۆچونی خۆیان لێیان ڕوانییوە و لەهەمان کاتدا زۆر جار چەند بنەمایەک کراونەتە پێوەر بۆ هەریەک لە ژانرەکان، کە مەبەست لە ژانر: ((بریتین لە قاڵبی گشتی هونەر بۆ ئەدەب)). (شریف، ١٩٩٢، ٢٥). لە دوبارەبونەوەی بنەماکانی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی لەنێو بەرهەمێکی ئەدەبی دیکەدا، دەبێتە هۆی سەرهەڵدان و پەیدابونی ژانری ئەدەبی نوێ، هەر بۆیە زاراوەی ژانر ئاماژەیە بە دوبارەی چەندین (ژانر – جۆر)ی ئەدەبی دەکات، هەر وەک (ئەبرامز) لە پەرتوکی (کورتەیەک دەربارەی زاراوە ئەدەبییەکان)دا دەربارەی زاراوەی ژانر دەڵێ: ((ژانر زاراوەیەکە ئاماژە بە دوبارەبونەوە و چەند بارەبونەوەی جۆرێک لە ئەدەب دەکات، یان ئەوەی ئێستا بە فۆڕمی ئەدەبی ناو دەبرێت))(حسین، ٢٠٠٧، ٣٧). هەروەها (جۆن فراو) دەڵێ: ((ژانر بریتییە لە کۆمەڵێک ئیلتیزاماتی قاڵبی، خاوەن یاسا و ڕێسای بەتەواوەتی ڕێکخراو، کە کاریگەریان لەسەر شێوەی بەرهەم هێنان و لێکدانەوەی مانا هەیە))(مەولود و نازم، ٢٠١٨، ٢٧). بەم جۆرە دەتوانین بڵێین پێناسە و ڕێکەوتنێکی ورد و گشتگیر نییە بۆ زاراوە و چەمکی ژانر، کە توێژەران ئەدەب لەسەری ڕێککەوتبن، بەڵکو هەر یەکێک لە توێژەرانی ئەم بوارە بەپێی تێگەیشتنی خۆی بۆ ژانرەکان لە چەمکی ژانری ڕوانیوە، هەروەک ڕەخنەگری ئەڵمانی (کارڵ فیاتۆر) لە توێژینەوەکەیدا باس لە ژانرەکان دەکات و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە: ((پێناسەکردنی ژانر یان ڕەگەزی ئەدەبی لەڕوی زاراوەوە قورس و گرانە، هەروەها باسی ئەو کۆنگرە زانستییە دەکات، کە دەربارەی پەیوەندی ژانرەکان بە یەکەوە بەسترا، ئەم کۆنگرەیە تایبەت بوە بە ناساندنی شیعری داستانی، گۆرانی، شانۆیی، کە ناسراون بە ژانرە گەورەکان، بەڵام تێیدا نەتوانرا پێناسەیەک بۆ ژانر بکرێت، لەبەرئەوەی دەستەواژەی ژانر پەیوەندی بەلایەنی زمانەوانییەوە هەیە))(ستالونی، ٢٠١٤، ٢٣-٢٤). بەم جۆرە دەیان بۆچونی جیاوازی توێژەرانی ئەم بوارە دەربارەی چەمکی ژانر هەیە، هەر یەکەیان لە گۆشەنیگای خۆیەوە لێیڕوانیوە.

لەبەرئەوەی چەمک و زاراوەی ژانر پەیوەندی بە قاڵب و شێوە ئەدەبییە جیاوازەکانەوە هەیە، هەر وەک پێشتر وتمان، ئەم بەکارهێنانی شێوە جیاوازانە بۆ ژانرەکان، دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی ژانری ئەدەبی و شێوەی ئەدەبی جیاواز و دەمانبات بەرەو ژانرە ئەدەبییەکان، (د.سیروس شەمیسا) دەربارەی پێناسەی ژانرە ئەدەبییەکان، دەڵێ: ((ژانرە ئەدەبییەکان لەلای پێشینان بە (قاڵب) وەرگیراوە و باس و لێکۆڵینەوەی واتای تێدا نە ئاخێنراوە، واتا ژانر لە چەمکی پێشیناندا بریتییە لە قاڵبی ئەدەبی بەبێ شیکردنەوەی لایەنی واتا))(شەمیسا، ٢٠١٨، ٢٤). کەواتە ژانر هەمو ئەو قاڵب و شێوە ئەدەبی و هونەریانە دەگرێتەوە، کە ژانرە ئەدەبییەکانی پێداڕێژراون، وەک (داستان، دراما، ڕۆمان ...هتد)، بەڵام بەکارهێنانی ئەم قاڵبە جیاوازانە بۆ ژانرەکان، دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی ژانری جیاواز و واتا و مەبەستی جیاواز، هەروەها (میخائیل باختین) دەربارەی ژانر، دەڵێ: ((ژانر– بیرخەرەوەی داهێنانە لە پرۆسەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper26

گۆڕانی ئەدەبدا))( هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٨، ٥٢). بەڵام (جیرار جینێت) لەڕوانین و پێناسەکردنی بۆ چەمکی ژانرە ئەدەبییەکان، دەڵێ: ((ژانرە ئەدەبییەکان چەند جۆرێکی ئێستاتیکی ڕوتن))(قاضی، ٢٠٢١، ٣٤). هەروەها (رینیە ویلیک) دەربارەی ژانرە ئەدەبییەکان بەم شێوەیە لێیان دەڕوانێت و دەڵێ: ((ژانری ئەدەبی وەک دامەزراوەکانی دەوڵەت وایە، وەک بینای قوتابخانە و نەخۆشخانە و بینای پەرلەمان و کڵێسا و چەندین دامودەزگای دیکە، کە مرۆڤ دەتوانێت لە ناویاندا کاربکات و گوزارشت لە خۆی بکات و دامەزراوەی نوێ دابمەزرێنێ))(دوزە، ٢٠١٨، ٦١). لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە ژانرە ئەدەبییەکان (شیعر و ڕۆمان و چیرۆک ...هتد) وەک ئەو دامودەزگایانە وان، کە شاعیران و نوسەران دەتوانن لە نێویاندا کاربکەن و ژانری نوێ و بەرهەمی نوێ دروست بکەن و بهێننەکایەوە.

## خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی ژانر و پەیوەندی بە شیعرەوە:

هەر لە کۆنەوە تاوەکو دەگاتە ئەم سەردەمە، ژانر خاوەنی خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی بوە، لە هەر سەردەمێکدا ژانر دەستگرۆ و دەستباری کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای تایبەت بوە، چونکە ژانر هەمیشە جێگای بایەخ و تێڕامانی نوسەران و توێژەران بوە، لەبەرئەوەیە کە تایبەتمەندی ژانرەکانیش جیاوازن لەیەکتری، چونکە ((لە قۆناغە دێرینەکاندا هۆش و بیری نوسەر هێواش بەرە و پێشەوە دەچو، لەبەرئەوە سیستێمی ژانری ڕۆژگاری کۆن هێدی هێدی دەهاتە ناو و زۆر ئاڵۆز و تێکچڕژاو بو، دەچەسپا، بە پێچەوانەی سەردەمی نوێوە، لەبەرئەوە لە کۆندا ژانر یاسا و ڕێسایەکی چەسپا و سەپێنراوی هەبو، کە نەدەکرا لێیان لابدەیت و تێکەڵی یەکیان بکەی))(هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٨، ٥٢). کەواتە هەمو نوسەرێکی ژانر لە کۆندا دەبو پابەندی تەواوەتی یاساکانی سەردەمەکەی خۆیی و ئەو بنەمایانە ببێت، کە بۆی دانراون و وەک یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا، ئەگەرنا هەم خۆی واتە خودی نوسەری بەرهەمە ئەدەبییەکە و هەم ژانرە ئەدەبییەکەی بە پەسند و بەرز دانەدەنرا، (ئەرستۆ) وەک یەکەمین داڕێژەری تیۆری ژانرە ئەدەبییەکان تایبەتمەندی و جیاوازی نێوان ژانرەکانی جیاکردۆتەوە، ((سور بوە لەسەر ئەوەی، کە دەریبخات، هەر جۆرێکی ئەدەبی جیاوازە لە جۆرەکەی تر لە ڕوی بەها و نرخەوە، بۆیە دەبێت بەجیا بمێننەوە، لە دوایدا ئەمە بە ڕێبازی پاکی جۆر ناسرا))(الماضی ،٢٠١٠ ، ٩٤). لەبەرئەوەی تا دەگاتە سەدەی هەژدە ئەدەب بە شیعر دەناسرا و دەنوسرا، لەچوارچێوەی ژانری شیعردا بوە، چونە نێویەک و تێکەڵکردنی ژانرەکانیان ڕەتدەکردەوە، لەبەرئەوەی پێیان وابو، کە دەبێت: ((یاسا و ڕێساکانی بونیاد و ستایڵ و دەربڕینی هەست و ئەندێشەی هەر ژانرە جیابێ لە ژانرێکی تر، چونکە ژانر بەوەدا دەناسرێتەوە، کە سەر بە کام لە شێوە بنەڕەتییەکانی وەک: لیریک، ئێپیل، دراما..هتدە لە ناو ئەم شێوانەشدا ئاخۆ شیعرە یان پەخشان، جگە لەمەش زمان و بونیاد و تەوەرەی ژانرەکە گرنگە و تایبەتمەندییەکە دروست دەکات، بۆ نمونە لە شیعردا کۆپلێتە، لە چیرۆکدا تەوەرە و گرێیەکە، ...))(هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٨، ٥٢). بەڵام ئەم تایبەتمەندیانەی ژانر لە سەردەم و قۆناغێکی دیکەدا دەگۆڕێن و بەهاتنی سەردەمی ((ڕۆمانسییەکان چوارچێوەی سیستێمی کلاسیکیان شکاند و ئازادییەکی تەواویاندا بە کەسایەتی مرۆڤ و هێزی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper26

دەربڕینی هونەری و ئەو پابەندی و دیسپلینەیان بە یاسا و ڕێسای کلاسیزمەوە نەما))(هەمان سەرچاوەی پێشو، ٥٣). بەڵام دواتر ژانر تەنیا لە چوارچێوەی شیعردا نەمایەوە، خاسیەت و قاڵب و شێوەی دیکەی وەرگرت.

## بەشی دووەم: شێوە بنەڕەتییەکانی ژانری شیعر:

شیعر لەڕوی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە چەندین تایبەتمەندی لەخۆدەگرێت، کە پێکهاتەی شیعرەکە دیاری دەکەن. هەر لەزووەوە لەنێو میللەتانی جیهاندا شیعر سەری هەڵداوە، ((سەرهەڵدانی شیعر پەیوەندی بە قۆناغێ لە قۆناغەکانی پێشکەوتنی زمانی مرۆڤەوە هەیە، کاتێ زمان گەیشتە پلەی جوانی و سودبەخشین شیعریش سەری هەڵدا))(رسول، ١٩٨٩، ١٣). بەتێپەڕبونی کات ئەم ژانرە گەورەیەی ئەدەب دابەشی چەندین شێوەی شیعری جیاواز بوە، هەریەک لە ڕەخنەگرانی بواری ئەدەب بەپێی تایبەتمەندی پێکهاتەی شیعر لە ژانری شیعریان ڕوانیوە، لەم ڕوانگەیەوە ژمارەیەکی زۆر لەبیروبۆچون هاتونەتە بەرباس دەربارەی سەرهەڵدانی ژانری شیعر و پێکهاتە و پێناسە و تایبەتمەندییەکانی شیعر، ئێمە بەپێی ئەو شیعرانەی لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوکراونەتەوە، لەڕوی ناوەڕۆکەوە شێوە بنەڕەتییەکانی شیعر دەخەینەڕو، کە خۆی دەبینێتەوە لە چوار شێوە سەرەکیەکەی شیعر.

### یەکەم: شیعری لیریکی:

وشە و زاراوەی ((Lyric لیریک لە وشەی یۆنانی (Lyra)وە هاتوە))(هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٨، ٣٤). ئەم زاراوەیە بۆ جۆرە شیعرێک بوە، لەگەڵ ئامێرە مۆسیقییەکان گوتراوە، ((شیعری گۆرانی واتە شیعری خودی، کە لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە گۆرانی و مۆسیقا و سۆزەوە هەیە، بەڵام ئەم جۆرە گەشەی کردوە لەگەڵ گەشەکردنی شارەستانیەت، پەیوەست بوە بە لایەنی عەقڵ و بیرکردنەوە، وە چەندین جۆر شیعری گۆرانی هاتنەکایەوە))(اسماعیل، ٢٠١٣، ٨٤ – ٨٥). شیعری لیریکی بەشێکی گەورەی ئەدەبیاتی کوردی پێکدەهێنێت، کە لەپاڵ وشەی لیریک زاراوەی شیعری (گۆرانی و ویژدانی)یشی بۆ بەکاردەهێنرێت، شیعری لیریکی زیاتر بابەتە خودییەکانە و دەربڕینی ناخی شاعیرە، ڕەنگدانەوەی تاقیکردنەوە کەسییەکانی شاعیرن، بەڵام شێوەکانی دیکەی شیعر پێچەوانەی شیعری لیریکن و زیاتر بەلای بابەتە گشتییەکاندا دەڕۆن و دوردەکەونەوە لە بابەتە خودییەکان، شیعری لیریکی ڕەنگدانەوەی ناخی مرۆڤە و کار لە ناخ و دەرونی خوێنەر دەکات، لەبەرئەوە دەبینین کە ((شیعری لیریک نە کارێکە و نە گێڕانەوەیە، بەڵکو دەربڕینی حاڵەتە دەرونی و ناوەکیەکانی ناوەوەی مرۆڤە، بابەت و مەبەستەکەی دەربڕینی هەست و سۆزی کەسێکە، کە مەرج نییە شاعیر خودی خۆی بێت))(سیماداد، ؟، ٣١٦). ئەگەر بڕوانینە ژمارەکانی ڕۆژنامەی (کوردستان) دەبینین بەسەدان شیعری لیریکی تێدا بڵاوکراوەتەوە، بەجۆرێک کە شاعیرانی کورد هەست و ناخ و دەرونی خۆیان بەرامبەر بە سروشتی جوان و دڵگیری کوردستان و ڕەگەزی بەرامبەر و خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان دەربڕیوە، شیعری لیریکی لەڕوی مەبەست و ناوەڕۆکەوە چەند جۆرێکی جیاواز دەگرێتەوە، بەم شێوەیە:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper26

## شیعری دڵداری:

شیعری دڵداری یەکێکە لە مەبەستە سەرەکییەکانی شیعری کوردی، بەشێکی بەرچاو لەم مەبەستەی شیعر لە دیوانی شاعیراندا بەرچاو دەکەوێت، ئەم جۆری شیعرە پڕە لە هەست و سۆز و خۆشەویستی و ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی ناخ و دڵ و دەرونی شاعیرە، لەبەرئەوەی ((شیعری دڵداری یەکێکە لە کۆڵەگەکانی ئەدەبیات و شیعر، دەنگی شیعری دڵداری ڕۆژهەلاتیش لەناو هاڕمۆنیاتی شیعری مرۆڤایەتیدا ئاوازێکی بڵندە، لەبەرئەوەی شاعیر و دیوان بێ سۆزی دڵداری ناگونجێن))(غفور، ٢٠١٥، ١٠١). یان ((شیعری دڵداری بە هۆی ناوەڕۆکی دەرونخوازانەوە، زەینی خوێنەر لەگەڵ هەست و دونیای ڕوحی و زەینی کارلێک دەکات، خوێنەر بۆ تێگەیشتن لەم بەرهەمە ناگەڕێتەوە بۆ مەسەلە مێژوویی و فەرهەنگی و کۆمەلایەتییەکان، بەڵکو لەگەڵ هەستەکان و مەیل و ئەزمونی دەرونی سەروکاری هەیە، هەر بۆیە شیعری دڵداری بەیان کردنی خودە))(پورنامداریان، ١٣٨٦، ١٣).

لەم ڕۆژنامەیەدا ژمارەی ئەو پارچە شیعریانەی بۆ ئەم مەبەستە بلاوکراونەتەوە بریتین لە (٣٥٨) پارچە شیعر، (عەلی باپیر ئاغا ١٨٨٦–١٩٧٤) ناسراو بە (کەمالی) لە هۆنراوەیەکی جوان و ناسکدا، لە (ژ٢٠٢، ل٩، ساڵ: ١٩٦٣)دا بلاوکراوەتەوە، بە چەشنێک بە بەژن و بالا و جوانی شۆخ و شەنگی یاردا هەڵدەدات، بە جۆرێک خۆشەویستی و ناخی خۆی بۆ دەردەبڕێت، کە بەم جۆرە دێتەگۆ و دەڵێ:

بەمردو ڕوح ئەبەخشـــــــێ پێ کەنینی لێوی شیرینت
لەسەر کام دینـــــــی؟ گیانە، پێم بڵێ بابێمـــــە سـەردینت
لەلام وەک شەککەر و نوقڵ و نەبات و قەند و هەنگوینـە
جنێو و قەهـــــــــــر و لێـــــــــــدان و بیانو گرتن و قینت
بەجارێ ڕۆژی عاشق ڕەشمەکە ئەی شۆخـی بێ مروەت
لەسەر ڕو لادە نەختێ پەرچەمی پرپێچـــــــی موشکینت

واتە شاعیر شیعرەکەی بە جۆرێک دارشتوە، کە دەبینین بەدرێژایی شیعرەکەی دەستەملانێی عەشق و خۆشەویستییە لەگەڵ یارەکەیدا، جوانی و لەش و لار و قسە و گفتاری ئافرەتی وەک وەک ڕەگەز و هاوبەشی ژیان، کردوە بەسەرچاوەی شیعرەکەی.

## شیعری نیشتیمانی و نەتەوایەتی:

ڕەنگدانەوەی بیری نیشتیمانی و هەستی نەتەوایەتی لە بەشێک لەو شیعرانەی، کە لە ڕۆژنامەکەی کوردستاندا بلاوکراونەتەوە، هەرچەندە ڕۆژنامەکە لەژێر چاودێری دەزگا ئەمنیەکاندا بوە، بەلام لەو شیعرانەی کە لەم ڕۆژنامەیەدا بلاوکراونەتەوە، ئەو هەسەت نیشتیمانی و نەتەوایتییە بەدیدەکرێت، کە شاعیرانی کورد خستویانە ناو قاڵبە شیعریەکانیانەوە، دەربارەی خاکی کوردستان و میللەتی کورد و زوڵم و زۆرداری داگیرکەران دواون، ژمارەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper26

ئەو شیعرانەی کە بۆ ئەم مەبەستە بڵاوکراونەتەوە، بریتین لە (٣٥) پارچە شیعر، (شاهۆ) لە شیعری (بۆ وەتەن فرۆش)، کە لە (ژ١٨٩، ل٤، ساڵ: ١٩٦٣)دا بڵاوکراوەتەوە، بە دڵێکی پڕەوە هێرش دەکاتە سەر ئەو کەسانەی، کە دەست لەگەڵ دوژمنانی کورد تێکەڵ دەکات و دەڵێ:

وەتەن فرۆش گوێ ڕاگرە!
ئەوە دەنگی نیشتیمانە،
لەبێ هەستیت پەرێشانە،
زاماری تیغێکی تیژە،
تیغی دەستی ڕۆڵەکەیە:
ئەو ڕۆڵە پەست و بێ ڕەگە،
کە هاوڕێی دوژمنی سەگە،
ڕێگای ناپیاوی لەبەرە،
سەنگەری هۆز پیشاندەرە،
بۆ برینی!
بۆ کوشتنی!
بۆ دەس بەستن! ...

شاعیر ئامانج و مەبەستی ئەوەیە، کە دەیەوێت بەو کەسانە بڵێ، کە خاک و وڵاتەکەی خۆی دەفرۆشێت و دەبنە داردەستی دوژمنان و بە سەگ و ناپیاو و خۆفرۆش ناویان دەهێنێت، هێرش دەکاتە سەریان و بەم شێوەیە وەسفیان دەکات، کە دەبنە دوژمنی گەل و نەتەوە و ڕێنیشاندەری دوژمن، ئەمە بۆتە دەردێکی کوشندە و دیار لەنێو کورددا، هەمیشە بەدرێژایی مێژو، لە زۆربەی بارودۆخەکانی ژیانی مێژوی تاکی کورد خۆی چاوساغی دوژمن بوە.

## شیعری کۆمەڵایەتی:

یەکێکە لەمەبەستەکانی ژانری شیعری لیریکی، ئەم ژانری شیعرە گرنگی دەدات بە ((گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و دەردەکانی کۆمەڵ لە هەژاری و نەخوێندەواری و نەخۆشی و لایەنە خراپەکانی کۆمەڵ دەخاتەڕو، لەهەمان کاتدا هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدات))(رسول، ١٩٨٩، ٨٢). واتە ئەم جۆرە شیعرە ڕەنگدانەوەی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگایە، لە هەناوی کێشەکانی کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرێت، کۆمەڵگای کوردی لەبەرئەوەی کۆمەڵگایەکی نەخوێندەوار و گرفتاری دەردە کۆمەڵایەتییەکان بوە، هەر بۆیە شاعیران بە ئەرکی خۆیان زانیوە ڕابەرایەتی هۆشیارکردنەوەی تاکی کۆمەڵ بگرنەدەست، بۆ ئەم مەبەستە شاعیرانی کورد سەدان پارچە شیعریان نوسیوە، باشترین شوێنیش کە ئەم شیعرانە بگەنە دەست چینەکانی کۆمەڵ ڕوپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بون، چونکە ((هەمو ڕۆژنامە و گۆڤارێک ئومێدی ئەوەی لێ دەکرێت دەوری ڕابەڕایەتی ببینێ و شوێنێک لە بونیاتی شارەستانیدا



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper26

بگرێ و وزە و توانا بداتە ڕەوتی گۆڕانی کۆمەڵ، ئەمەش بەوە دەبێت کە لە پێشەوە دەستنیشانی هۆ و بنەمای دواکەوتن و پاشاگەردانی کۆمەڵ دیاربخرێ، دوایش دەوا و چارەسەری بۆ بنوسرێ))(محمد، ١٩٨٩، ٥٧).

ژمارەی ئەم شیعرانەی بۆ ئەم مەبەستە بڵاوکرانەتەوە بریتین لە (٩٦) پارچە شیعر، کە ناوەڕۆکی شیعرەکان زیاتر کێشە و گرفتەکانی ئەو کاتەی کۆمەڵ دەخەنەڕو، ئامانجیان هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگایە، یەکێک لە گرفتەکانی کۆمەڵگا بریتییە لە (کرێنشینی- کرێچی) ئەم بابەتە کێشەیەکی بەردەوامە بەتایبەت لە کۆمەڵگا دواکەوتوەکاندا، (محمد سعید حافدی) لەم شیعرەدا (خاوەن ماڵ بە کرێنشین ئەڵێ) (ژ١٣١، ل١١، ساڵ: ١٩٦١)دا ئەم بابەتە بە ڕونی دەخاتەڕو، کە چۆن خاوەن موڵک کرێچی دەچەوسێنێتەوە، ناچاری دەکات بە داواکاریەکانی ڕازی بێت، وەک ئەوەی کە بەندەی ئەو بێت و دەڵێ:

خاوەن ماڵ بە کرێنشین ئەڵێ
ئەگــەر بێتو وەتاغێکــم کــراکـــــەی
دەبــێ عەبدایەتـــی من وەک خوداکـــەی!
پلیکان ساف نەکــا بزماری کەوشـــت!
مەبادا، نێو حەسار کەوشت لە پاکـــــەی!
لە هەشت بەولا چرای بەرقت نەسۆتێ
خەو و خواردن بەبـــێ نۆرەی چراکـــەی
وەتاغـــم بۆ دو مـــنداڵ و ژنێکـــــە
ئەگەر دوت بون بەسێ، مەجبوری ڕاکەی

ئەم شیعرە ناوەڕۆکێکی پەیامداری هەیە، شاعیر لە ڕێگەی ئەم شیعرەوە دەیەوێت پەیامی خۆی بگەیەنێتە ئەندامانی کۆمەڵگا، ویستویەتی ئەوە بۆ کۆمەڵ ڕونبکاتەوە، بەتایبەت ئەو کەسانەی کە خاوەن موڵکن، نابێت ببنە هۆی تێکدانی کۆمەڵگا و تێکدانی شیرازەی خێزان، ئەم دیاردەیە تاوەکو ئێستاش بەزەقی لە کۆمەڵگای کوردیدا بەدیدەکرێت.

## شیعری ئاینی:

ناوەرکی ئاینی یەکێکە لە مەبەستە دیارەکانی شیعری کوردی، ئەم مەبەستەی شیعر هەر لە شاعیرە سەرەتایەکانەوە لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا هەبوە تا دەگات بە شاعیرە کلاسیکیەکان و دواتر، چونکە ئەو شاعیرانە لە حوجرەی مزگەوتەکانەوە فێری خوێندن و نوسین بون، بابەتە ئاینی و بنەماکانی ئیسلامیان کردۆتە هەوێنی شعرەکانیان، بە جۆرێک شیعرەکانیان لە بازنەی یەکتاپەرستی و تەسوف دەخولێنەوە.

ژمارەی ئەو شیعرانەی کە لەم ڕۆژنامەیەدا بۆ ئەم مەبەستە بڵاوکراونەتەوە، بریتین لە (١٩٩) پارچە شیعر، کە ناوەڕکی ئاینی و تەسەوف و یەکتاپەرستیان هەیە، (مەلا پەرێشان ١٣٥٦-١٤٢١) یەکێکە لەو شاعیرانەی ناوەڕۆکێکی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper26

خوداپەرستی جوان لە هۆنراوەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، لەم شیعرەیدا (ژ٥٠، ل٩، ساڵ: ١٩٦٠)دا مەلا بە دڵێکی پڕەوە لە یەزدان دەپاڕێتەوە، کە لە گوناهەکانی خۆشبێت و دەڵێ:

زەخم سیاســـــــەت فراوان دێرم
دردبـــــــێ دەرمان ژعصیان دێـــرم
ئەر نەکەی چارەی زەخـم دیاریم
ئەر نەکـــــەی دەرمان دەردان کـاریم

شاعیر لە هەر یەک لە دێڕەکانی نێو ئەم شیعرەدا، بەچەشنێک لە نوری خوداییدا دەتوێتەوە، وەها دەپاڕێتەوە، کە یەزدان چاوپۆشی لە کەم و کورتی و تاوانەکانی بکات، داوا دەکات یەزدانی مەزن بیخاتە ژێر لوتف و سۆز و میهرەبانی خۆی.

## شیعری وەسف:

وەسف یەکێکە لە مەبەستە دیارەکانی شیعر، مەودا و پانتاییەکی زۆری لە بەرهەمی شاعیراندا داگیرکردوە، (د. شوکریە رسول) وای دەبینێت، کە ((وەسف: لاساییکردنەوە و نواندنی شتێکە بەهۆی پیشاندانی سیفەتاکانییەوە))(رسول، ١٩٨٩، ٥٥). چونکە وەسف پیشاندان و دەرخستنی لایەنە جوانەکان و سیفەتە باشەکانی کەسێک یان شتێک یان دیاردەیەکە، تەنانەت وا وتراوە کە وەسف تێکەڵ بە هەمو ژانرەکانی ئەدەب دەبێت، بەتایبەت ژانری شیعر، چونکە هیچ مەبەستێکی شیعری ناتوانێت خۆی لە وەسف بەدور بگرێت، ژمارەی ئەو شیعرانەی بۆ ئەو مەبەستە بڵاوکراونەتەوە، بریتین لە (٢٩١) پارچە شیعر.

لە ناوەڕۆکی ئەم پارچە شیعرەی (مەولەوی ١٨٠٦– ١٨٨٢)دا لە (ژ٥٩، ل١٠، ساڵ: ١٩٦٠)دا وا دەردەکەوێ، کە ئایز و خۆشەویستەکەی لێی دورکەوتۆتەوە، بەدەست دوری لە دولبەر دەناڵێنێ و بەم شێوەیە وەسفی ناخ و دڵی خۆی ئەکا و دەڵێ:

یادم نمەشـــــــی جـــە گردین حاڵدا
چەنـــــــی باڵ تەیر یـــــا وە شەماکدا
ئێزهار ئایـــر گـــر بەستەی دەرون
دیدەم وە دیدەت فرســـەت مەزانون
دڵ دایــــــم پەرێت پڕ ئێش و نێشەن
دنیام پەی ئێدەن باڵای تـــــۆ تێشەن

لەم شیعرەدا وادەردەکەوێ، کە دوری لە یار و دولبەر کاریگەری زۆری لەسەر شاعیر دروستکردوە، بەم جۆرە وەسفی ناخ و دڵ و دەرونی خۆی دەکات، کە هیچ کاتێکدا لەبیرم ناچێتەوە، من بەهەلی دەزانم کە بە باڵی مەل یان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper26

بای شەماڵدا سۆزی دەرونی خۆمت پێبگەیەنم، کە لە دەوری تۆ دڵم پڕ خەم و حەسرەت و ناسۆرە، کە ئەم دونیایە بەبێ باڵا و بونی تۆ خۆشی و شادی تێدا نییە، سەرتاپای شیوەنە بۆ من.

## شیعری لاواندنەوە و شیوەن:

ئەم مەبەستی شیعرە پەیوەندی بە بە هەست و ناخی شاعیرانەوە هەیە، لە کاتێکدا شاعیران ئەم جۆرە شیعرە دەهۆننەوە، کە کەسێکی خۆشەویستان لەدەست داوە و هەست بە لەدەستدان و مردنی کەسێکی ئازیزیان دەکەن، لەم ڕێگایەوە شیوەنی دڵ و ناخی خۆیان بەیان دەکەن، کەواتە شیعری لاواندنەوە: ((بریتییە لەو جۆرە شیعرەی کە هەست و سۆزی ماتەم و دڵتەنگی خاوەنەکەی پیشاندەدات لە بارەی مردنی کەسێک ... یان لەبارەی لەناوچون و وێرانکردن و نەمانی شار و شوێنێکەوە بوترێت، واتە مەرجە بۆ کەسی مردو یان شتی لەناوچو نوسرابێت))(غفور، ٢٠١٥، ١٠٥).

ژمارەی ئەو شیعر بۆ ئەم مەبەستە بلاوکراونەتەوە، بریتین لە (٧٩) پارچە شیعر، دوای ئەوەی لە ژمارە (١٩٥)ی ڕۆژنامەی کوردستاندا، هەواڵی کۆچی دوای مامۆستا (گۆران) بڵاوکراوەتەوە، ئەم هەواڵە کاریگەری زۆری لەسەر شاعیران دروستکردوە، بە جۆرێک لە ژمارەکانی دواتردا چەندین پارچە شیعر بۆ ئەم مەبەستە بڵاوکراوەتەوە، بۆ نمونە شاعیرێک بەنێوی (ئازاد) لە شیعری بۆ (مەرگی گۆران) لە (ژ١٩٧، ل٤، ساڵ: ١٩٦٣)دا بەم شێوەیە ئەم کۆستە گەورەیە دەخاتەڕو و دەڵێ:

مەرگی گۆران

ئیتر لەسەر لێـــــــــوی بەیان، زەردەخەنەی ڕۆژ نابینن
ئیتر لە بێشکـــــەی خــــــەیاڵا، کۆرپەی ئاواتمان نانوێنین
ئیتر (دەنگـی نزمـی عودێ) لە (جەرگـی پەردە) ناتکـــی
ئیتر(تریفەی مانگە شەو) بەناخـــــــــی دڵا نالکـــــــــێ
لەجێی (جریوەی دارستان) ناڵەی دڵـــــی کۆست کەوتوە
گۆران خودای شیعری کوردی لە خاکـــی ردشا خەوتوە
بە (شنەی سێبەری داری تو) ، (عرەقی ماندوی ئەسرین)
بەلام کوڵـــــی دڵـــــی زامار، چاومان پڕ نەکا لە ئەسرین

لەبەر ئەوەی (گۆران) شاعیرێک و ناوێکی گەورەی دونیای ئەدەب و هەنەر بوە، لە ڕۆژنامەی کوردستانیش چەندین پارچەی بەنرخی شیعرەکانی گۆرانی تێدا بڵاوکراونەتەوە، بڵاوبونەوەی ئەم هەواڵەش کاریگەری زۆری لە دوای خۆی دروستکرد، کە دەبینین ناوەڕۆکی ئەم شیعرە و چەندی شیعری دیکە، کە لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکراونەتەوە، پێشاندانی ئەم کۆستە گەرەیەیە لەو سەردەمەدا، لە ناوەڕۆکی شیعرەکەدا هەست بەو شیوەن و خەمە گەورەیە دەکەیت، کە بە هۆی کۆچی شاعیرەوە دوچاری نوسەران و خوێنەران بۆتەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper26

## شیعری ستایش:

لەم ژانرەی شیعردا شاعیر ستایش و پێداهەڵدانی کەسێک یاخود وڵات و خاک و نیشتمان دەکات، جا کەسەکە کەسێکی ئاینی یاخو کەسێکی ناودار یان سەرکردە و دۆست و هاوڕێیەکی نزیک ...تاد بێت، واتە مەبەست لە ستایش ((بریتییە لە دەرخستنی گشت ئاکامە جوان و سەرنج ڕاکێشەرەکان لە کەسێکدا و ستایشکردنی))(رسول، ١٩٨٩، ٣٤).

ژمارەی ئەو شیعرانەی بۆ ئەم بەمەستە بڵاوکراونەتەوە بریتین لە (١٥) پارچە شیعر، بۆ نمونە (سالم ١٨٠٥-١٨٦٩) لەم شیعرەیدا (ژ١٩٠، ل٦،ساڵ: ١٩٦٣) بە ناونیشانی (عەزیزم) لە ستایش و پێداهەڵدانی هاوڕێیەکی نزیک و خۆشەویستی خۆی نوسیویەتی، کە شاسوارێکی ئازا و قارەمانێکی هەڵکەوتو دەبێت و دەڵێ:

عەزیزم

عــــەزیزم شاسوارێکە گوزەرکا گـــەر بە ((ئەلبورز))ا
ئەکا زەڕبـــی سمـــی ئەسپــــــــی لە خارا توتیا پەیدا
بە حوججەت نێزە گەرلێدا، سوپەر وەک کاغەزی قەندە
بە هەر زەربـــێ لەگەڵ بازوی ئەو حوکمـــی قەزا پەیدا
سفیدەی چاوی بەد خواهی لە حەسرەت نێزە و دەستـی
زیای درعـــی ئەکـــا بـــۆ دوژمنان ڕۆژی سیا پەیدا

شاعیر سەرتاپای شیعرەکەی بۆ پێداهەڵدان و وەسف و ستایشی هاورێکەی نوسیوە، دەبینین وشە بە وشە و سەرلەبەری شیعرەکە لە چوارچێوەی ستایشدا دەخولێتەوە، هەوڵدانی شاعیرە بۆ پێشاندانی سیفەتە بەرزەکان و وێناکردنیەتی لە چوارچێوەی وێنەیەکی هونەری جوان و بەرزدا.

## شیعری شانازی:

مەبەستێکی شیعرییە، کە ((شانازی شیعری گۆرانییە و شاعیر شانازی بە خۆی یان کار و سیفەتە چاکەکانی خێڵەکەی یان نەتەوەکەیەوە دەکات، وە یەکێکە لە لقەکانی ستایش))(رسول، ١٩٨٩، ٣٠). واتە بەشێکە لە ستایش و لە شێوەی شانازیکردن دەردەکەوێ، لەم ڕۆژنامەیەدا ژمارەیەکی کەم لەم ژانرەی شیعرە بڵاوکراونەتەوە، کە ژمارەیان (٦) پارچە شیعرە، (نالی ١٨٠٠-١٨٥٦) لە (ژ١٨٣، ل٣، ساڵ: ١٩٦٢)دا شانازی بە زمانی کوردییەوە دەکات و دەڵێ:

تەبعی شەککەر باری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا
ئیمتیحانـــــی خۆیە مەقسودی، لە عەمدەن وا دەکا
یا لە مەیدانـــــی فەساحەتدا بە میسلـــــی شەهسوار
بـــێ تەئەممول بەو هەمو نەوعە زوبانـــــی رادەکا
کەس بە ئەلفازم نەڵـــێ خۆ کوردییـــە خۆ کردییـــە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper26

هەر کەســێ نادان نەبێ خۆی تالیبـــی مەعنا دەکا

شاعیر زمانی کوردی هاوتا دەکات لەگەڵ زمانەکانی دیکەی وەک فارسی و عەرەبی، ئەوە دەخاتەڕو، کە زمانی کوردیش هیچی لە زمانەکانی دیکە کەمتر نییە، هیچ کەم و کورتییە نابینم لەزمانی کوردیدا، تۆ ئەگەر شیعری گرانبەها و بەچێژت دەوێ، وەرە سەیری پارچەکانی بکە، دەبینیت چەند بەنرخ و گرانبەهان، چونکە لەو سەردەمەدا نوسینی شیعر بە زمانی کورد نەبوە،

**شیعری مەینۆشی:**

مەینۆشی مەبەستێکی شیعری کوردییە، ئەم مەبەستەی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا بەتایبەت ئەدەبی کلاسیکی زیاتر بەدی دەکرێت، زۆرجار شاعیران بە هۆی جەنجاڵی ژیانەوە پەنا دەبەنەبەر ئەم دیاردەیە، مەینۆشی بۆ دەربڕینی مەبەستێکی دیاریکراو و زۆربەی جار بۆ مەبەستی ڕاستەقینەی مەینۆشی بەکارنەهاتوە، بەڵکو ((ئەم مەبەستە تێکەڵ بە سۆفیزم دەبێت و مەبەستی سەرەکی مەینۆشی و ڕاستەقینە نییە، بەڵکو بۆ پەردەپۆشکردن و ڕازاندنەوەی دەقەکەیە، چونکە تەواوی وردەکارییەکانی مەینۆشی لەوێدا شێوەی ڕەمزی وەردەگرێت، کە زۆر جاریش ئەم مەبەستە بەپێچەوانەوە لە شێوەی ئامۆژگاری دەردەکەوێ))(مەولود و نازم، ٢٠١٨، ١٥١).

ژمارەی ئەو شیعرانەی ناوەڕۆکی مەینۆشییان هەیە و لەم ڕۆژنامەیەدا بڵاوکراونەتەوە، بریتین لە (٢٣) پارچە شیعر، (مامۆستا زێوەر ١٨٧٥-١٩٤٨) لەم پارچە هەڵبەستەیدا لە (ژ١٩٠، ل٤، ساڵ: ١٩٦٣)دا بە ناونیشانی (عەرەق ناخۆم)، نەک هەر بە بادە و بالای مەیخانەدا هەڵنادا، بەڵکو بە کارێکی زۆر خراپیشی دەزانێت و دەڵێ:

عەرەق ناخۆم

عەرەق ناخۆم کە توشی دەردی سەربـم
گرفتاری هـــــەزار دەرد و خـــەتەر بـــم
هەرچـــی خوا حەز نەکا ئەیکەم بە سرری
ئیتر بــــۆ شەرمەزاری نــاو بەشەر بـــم
عەرەق ناخۆم کە عومرم کورت و کەم بێ
بە جوانـــــی بـــۆ گرفتاری زەرەر بـــم

واتە شاعیر دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت، لەگەڵ ئەوەی کە مەی سەرچاوەی چەندین نەخۆشیی جەستەییە، هۆکارە بۆ تێکدانی دەرونی مرۆڤ و دروستبونی چەندین کێشە و گرفتی خێزانی و کۆمەڵایەتی، ئەمەش بەهۆی دورکەوتنەوەی مرۆڤە لە دونیای بە ئاگایی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper26

## شیعری بۆنە:

هەمو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ئابوری و نەتەوایەتی و سیاسی و ئاینی ...تاد، کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان لەسەر ناخ و کەسایەتی مرۆڤ هەیە، لەبەرئەوەی کە شاعیران و نوسەران وەک تاکێکی بە ئاگای کۆمەڵ هەمیشە بارودۆخە جیاوازەکانی ژیان کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر دروستکردون، ژمارەی ئەو پارچە شیعریانەی بۆ ئەم مەبەستە بڵاوکراونەتەوە، بریتین لە (١٧) پارچە شیعر، کارەساتی ڕۆژی ڕەشی ٦ ئەیلول، کە ڕۆژێکی ڕەشە لە مێژوی کوردا، لەلایەن حکومەتی فەیصەلی ئەو کاتەی عێراقەوە لە شاری سلێمانی، کۆمەڵێک لە خەڵکی ئەو شارە لەبەر دەرکی سەرا، درانە بەر دەستڕێژی گولە و شەهید کران، دواتر دەستەیەک لە جاش و خۆفرۆشەکان وەفدێک سازدەکەن و دەچنە بەغدا، ئەم کارەساتە کاریگەری لەسەر زۆرێک لە شاعیرانی ئەو کات دروست دەکات و بەم بۆنەیەوە هۆنراوەیان نوسیوە، (پیرەمێرد ١٨٦٧-١٩٥٠) یەکێکە لەو شاعیرانەی کە بۆ ئەو وەفدەی چونەتە خزمەت فەیصەڵ ئەم پارچە شیعرەی نوسیوە (ژ١٨٥، ل٣، ساڵ: ١٩٦٢)دا بەنێوی (وەفدی کوردستان)، دەڵێ:

وەفدی کوردستان

وەفدی کوردستان میللەت فـرۆشان
هەرزە وەکیلـــــی شاری خامۆشان
چەپکێ لە گوڵەکەی بەر دەرکی سەرا
کـە بـــە خـوێناوی میللەت ئاو درا
بیبەن بۆ خزمەت عەرشـی عێراقـی
بڵێن: یار باقی و هەم صوحبەت باقی

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، هەمیشە کورد باجی کێشە و ململانێی ناوخۆی داوە، لە زۆربەی سەردەمەکاندا بەشێک لە ڕۆڵەی کورد بونەتە داردەست و ڕێنیشاندەری دوژمنان، ئەمە بۆتە مۆتەکەی میللەتی کورد، لە بەرامبەر ئەمەدا هەمیشە خەڵکی دلسۆز بونەتە قوربانی، کە وایکردوە پیرەمێرد و دەیان شاعیری دیکە، بەم جۆرە بۆنە و مەبەستانە دەیان شیعریان نوسیوە.

## دووەم: شیعری داستانی:

زاراوەی داستان یاخود ((Epic –ئێپیک لە وشەی یۆنانی (eops)ەوە هاتوە، بەواتای (وشە، ئەوەی وتراوە، یان دەگێڕدرێتەوە) هاتوە))(هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٨، ). دکتۆر (عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) بەم شێوەیە باسی داستان دەکات کە: ((ئیپۆس، بەرهەمێکی چیرۆکئامێزە، لە فۆڕمی وێنەدا، باری ژیان و بونی گەل و پێوەندیی کۆمەڵایەتی و نەخشەی بەرەو پێشچونی مێژویی دەردەخا))(ڕەسوڵ، ٢٠١٠، ٣١). هەروەها شیعری داستانی ((وێنای عادات و تەقالید و بیروباوەڕ و ئەفسانە و خواوەندی گەلان دەکات، دەتوانرێ بوترێ وەک تۆماری ژیانی پێشینانی گەلان دادەنرێ،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper26

کە وەک ئاوێنەیەک ڕۆڵ دەگێڕێت لە پاراستن و گێڕانەوە و گواستنەوەی ژیانی گەلانی پێشو، لەبەر ئەوەش بە کۆنترین جۆری شیعری دادەنرێ))(مندور، ٢٠٠٦، ١٢). کەواتا داستان گێڕانەوەی ڕوداوێکە بە شیعر، بە زمانێکی بەرز دەهۆنرێتەوە، ناوەڕۆکەکەی باسی ڕوداوێکی قارەمانێتی یان دڵداری دەکات، لە ئەدەبیاتی کوردیدا چەندین چیرۆکە شیعری داستانی هەیە، کە ڕەگ و ڕیشەکەیان دەگەڕێتەوە بۆئەدەبیاتی فۆلکلۆری.

لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستاندا داستانی (شیرین و فەرهاد یاخود شیرین و خسرەو) بڵاوکراوەتەوە، ئەم داستانە بە شیعر بەزمانی کوردی نوسراوە و پاڵەوانەکانی کوردن، لە فۆلکلۆری کوردییەوە سەرچاوەی گرتوە، لەلایەن (خانای قوبادیەوە ١٧٠٤-١٧٧٨) بە شێوە زاری گۆران نوسراوەتەوە، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چیرۆکەی کە لەسەر زمان و لەناو سینگی خەڵکیدا بو، دەم بە دەم هاتۆتە گێڕانەوە، ئەم داستانە شیعرییە ناوەڕۆکێکی دڵداری هەیە، بەڵام پڕاو پڕە لە ڕوداوی تراژیدی و زۆر جار ڕوداوەکان تێکەڵ بە خەیاڵ و ئەفسانە دەکرێت و دوردەکەوێتەوە لە واقیع، ئەم داستانە شیعرییە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا لە (٢٦) ژمارەدا بڵاوکراوەتەوە، واتە بەزنجیرە لە ژمارە (٢٨) تاوەکو ژمارە (٥٣) لە هەر ژمارەیەکدا چەند پارچەیەکی لێ بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لەنێو ئەو پارچانەی بڵاوکراونەتەوە، هەمو پارچەکان بەتەواوەتی بڵاونەکراونەتەوە، بەڵکو بەشێکی زۆری لێ لابردراوە، ئەم داستانە شیعرییە ناوەڕۆکێکی دڵداری هەیە، کە ((داستانی دڵداری لە هەمو جیهاندا سۆزێکی تایبەتی و هەستێکی قوڵ و ڕاستگۆییەکی ڕوداوی تێدایە، داستانی دڵداری کوردی لەپاڵ خۆشەویستی و وەفاداری و ڕاستگۆیدا، جۆرێک لە ئازایەتی و فیداکاری دەردەخەن))(ڕەسوڵ، ٢٠١٠، ٥٣). ئەم داستانە باسی خۆشەویستییەکی بێوێنە و پاک دەکات تا دەگاتە ڕادەی خۆفیداکردن، لە درێژەی داستانە شیعرییەکەدا کارەکتەری (فەرهاد) دێتە ناو چیرکەکە و دەکەوێتە داوی خۆشەویستی (شیرین)ەوە، لەلایەن (خسرەو)ەوە مەرجی هەڵکەندن و کونکردنی کێوی بێستونی بەسەردا دەدات، لە (ژ٢٩، ل٦، ساڵ: ١٩٥٩)دا دەڵێ:

ڕۆیــێ جقەی لاڵ خەسرەو مەشەند باد

لطف کــــــەرەم کەرد پەرساجە فەرهاد

ئەر تۆ خــــــــــاتری ئێمەت مەنزورەن

فەرهادا سەنگ تاشین خەیلێ زەرورەن

لە (ژ٣٧، ل٨، ساڵ: ١٩٦٠)دا، لە ئەنجامی ئەو کارەساتەی کە بەسەر شیریندا دێت فەرهاد خۆی دەکوژێت، شیرین لەسەر جەستەی سارد و سڕی فەرهاد شیوەن دەکات و دەڵێت:

نا گادیش فەرهاد کــــەفتەن سەرنگون

خەفت خەیر شەن چەنیی خاک و خون

ئەم داستانە ڕوداوەکانی هاوشێوەی بەشێک لە داستانە جیهانییەکان کۆتاییەکەی تراژیدیایە، چونکە بە لە ناوچون و کوشتنی پاڵەوانەکانی ناو داستانە شیعرییەکە کۆتایی دێت، لە (ژ٤٧، ل٧، ساڵ: ١٩٦٠)دا دوای ئەوەی شیرین



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper26

دەبێتە هاوسەری خسرەو، لەدرێژەی داستانەکە (شێرۆ)ی کوڕی خسرەو عاشقی باوەژنەکەی دەبێت و پیلانی کوشتنی باوکی دادەنێت:

سیروسی بە قەسرجام ڕێز زەرگار

کەنیز و غولام کـــەس نەبـــی بێدار

بەعزێ جەیاران چەنـــی ویش بەردش

قەست تاج وتەخت بابۆی ویش کەردش

دوای ئەوەی کە شێرۆ جێگەی باوکی دەگرێتەوە، هەوڵی نزیک بونەوە لە شیرین دادات، شیرین هەراسان دەکات، هەر بۆیە شیرین داوای چل ڕۆژ مۆڵەت دەکات و لەسەر گڵکۆی خسرەو بە خەنجەر خۆی دەکوژێت، لە (ژ٥٣، ل٧، ساڵ: ١٩٦٠)دا دەڵێ:

چل ڕۆ وادەی شین شیرین بی تەمام

عەزم مەزار کەرد شـــۆخ دڵ ئـــــارام

دوای هەواڵی خۆکوشتنی شیرین، شێرۆ کۆتایی بەژیانی خۆی دەهێنێت، داستانە شیعرییەکە بە تراژیدیا کۆتایی دێت، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی داستان لە نێو ئەدەبیاتی جیهانیدا.

### سێیەم: شیعری درامی (شانۆیی):

شیعری درامی بەو شیعرانە دەوترێت، کە بە شێوەی دراما دەنوسران و بەشێوەی شانۆگەری پێشکەش دەکران، واتا دراما لە کۆندا بە شیعر دەنوسرا، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا دراما بە شێوەی پەخشان دەنوسرێت: ((دراما: وشەیەکی یۆنانی کۆنە، لەمەیدانی زمانەوانی کۆنی گریکدا بەواتای (کار) یان (کارکردن)ی بەخشیوە، وشەکە لە بنچینەدا وشەی (dromena) بوە، واتە (شت کار دەکەن) دیارە ئەم وشەیە بەپێی ڕۆژگار سواوە و بوە بە وشەی (drama _ کارکردن) لەو ڕۆژەوەی شانۆ سەری هەڵداوە تا ئەمڕۆ ئەم وشەیە بوە بە ناونیشانی ئەو کارە هونەریەی کە نوسەرێک بەرهەمیدەهێنیت، دەرهێنەرێک لەسەر شانۆ بەهۆی ئەکتەرەوە بۆ کۆمەڵە خەڵکانێک پیشانی دەدەن))(هەورامی، ٢٠٠١: ٩). یان (دراما- شانۆگەرینامە بەمانای ڕوداوێک یان کردارێک دێت، کە جیاوازە لە چیرۆک و داستان، لەبەرئەوەی پشت بە گفتوگۆ دەبەستێت نەک گێرانەوە)(الراجحی، ٢٠٠٧، ٢٨). واتە دراما یان شانۆ لە کێشە و گیروگرفتەکانی ژیانەوە سەرهەڵدەدات و باسی گرفتەکانی کۆمەڵگا دەکات. شیعری درامی چەند ژانرێکی جیاواز لەخۆدەگرێت: وەک (تراژیدیا، کۆمیدیا، تراژیکۆمیدی)، دواتر بە تێپەربونی کات و گۆڕانی سەردەمەکان، شیعری درامی دابەشی دو جۆری سەرەکی کراوە وەک (ئۆپێرا و ئۆپەریت)، هەروەها هەمو بەرهەمێکی درامی کۆمەڵێک ڕەگەز لەخۆ دەگرێت، وەک (کەسێتی، ڕوداو، بیرۆکە، چنین، کات، شوێن، گفتوگۆ، مۆنۆلۆگ، گرێ).

لە ڕۆژنامەی کوردستاندا ئۆپەرێتی (گوڵی خوێنیاوی)، (گۆران ١٩٠٥-١٩٦٢) لە ژمارە (ژ١٩٨، ل١١، ساڵ: ١٩٦٣)دا بڵاوکراوەتەوە، گۆران ئەم ئۆپەرێتەی لە ساڵی ١٩٣٤ دا نوسیوە، هاوکات ئەمە یەکەمین ئۆپەرێت و شیعری



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper26

درامی گۆرانە، چونکە ئەم ئۆپەرێتە بنەما و ڕەگەزەکانی شیعری درامی تێدایە، هاوکات گۆران بەشێوەیەکی وا دایڕشتوە کە لە سەر تەختەی شانۆ نمایش بکرێت.

گوڵی خوێناوی!

کور: بڕوانە! شایی یە، چۆپییە، لەو ماڵە
گوێ بگرە! زوڕنایە، دەهۆڵە، شمشاڵە!
زەرد و سور تێکەڵ بون، ژن و پیاو هەرایە
لەو ناوە هەر هارەی هەیاسەی تۆ نایە! ...

کچ: گوڵ نەبێ بۆ سەرم ئاڵ چەپکێ، زەرد چەپکێ
نایەم بۆ زەماوەند، نایەم بۆ هەڵپەرکێ ...

ئەگەر بڕوانینە ناوەڕۆکی ئەم شیعرە، دەبینین ڕەگەزەکانی درامای تێدایە، کۆمەڵێک کارەکتەر کە دەوری خەڵکانی گوندنشین دەبینن، لە شوێنێک گوندێکە لە ناوچەیەکی کوردستان، بەشداریان لە زەماوەندێکی گوندەکەیان کردوە، کە کاتی بەڕێوەچونی ئاهەنگی بوک گواستنەوەیە، تا ڕادەیەکی زۆر لەنێو ئەم شیعرە دراماییەدا یەکێتی کات و یەکێتی شوێن پارێزراوە، نوسەر توانیویەتی بەشێوەیەکی ورد و سەرجڕاکێش وەسفی دیمەن و شایی و کەسایەتی و جلوبەرگ و ڕوداوەکانی نێو دراماکەی بکات، لە درێژەی شیعرە دراماییەکە ڕوداوەکان بەشێوەی گفتوگۆ لە نێوان دو کارەکتەرەی سەرەکی نێو دراماکە پێشان دەدرێت، چنین و زنجیرەی ڕوداوەکانی نێو شیعرە درامیەکە بە دوای یەکتردا دێن و یەکتر تەواو دەکەن، کۆتایی دراماکە بە شێوەیەکی تراژیدییە، ئاماژە بە خۆشەویستییەکی پاک و بێ وێنە دەکات، کە بە کوژران و لەنێوچونی کەسایەتی سەرەکی نێو دراماکە دەبێت، ئەمەش یەکێکە لە بنەما و بنچینەکانی شیعری درامی جۆری تراژیدی، هەروەها لە ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا چەندین پارچە شیعری دیکەی تێدا بڵاوکراوەتەوە، کە لە ناوەڕۆکەکەیاندا ڕەگەزەکانی درامای تێدا بەدی دەکەین، وەک: (کاژی بکیف، دەمەتەقێی نەزان و نێری، خزمەتکاری خراپ، ئاهەنگ لەناو ران، داستانی شێخێکی ناحەق و عەوام خەڵەتێن).

## چوارەم: شیعری فێرکاری:

شیعری فێرکردن پەیوەندی بە ئامانجە فێرکارییەکانەوە هەیە، واتە بەشی زۆری شارەزایان و ڕەخنەگران جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە شیعری فێرکاری دەبێت ڕاستەوخۆ بێت و دوربێت لە هەست و سۆز و هەڵچونە دەرونییەکان، بەڵکو دەبێت ئەدەبێکی پابەندبێت بە ئاکار و خوڕەوشتە جوانەکان و بەها بەرزەکان، کار لەسەر لایەنی عەقڵی بکات و ئامانجە سەرەکییەکەی خۆی بەدەست بهێنێت، ئەویش ئاراستەکردنییەتی بە ئاقاری پەروەردە و فێرکردن، واتە هۆنراوەی فێرکاری (ئەرکی هۆنراوە لە کاردانەوەیەکی هەڵچونییەوە بەرەو ئاقارێکی پەروەردەیی دەبات، کە مەبەستە سەرەکییەکەی فێرکردنە، لایەنە ڕۆشنبیرییەکان و پرەنسیپە زانستییەکان لەخۆ دەگرێت) (قەرەنی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper26

٢٠٠٧، ١٣). شیعری فێركاری ((بیری فەلسەفی، ئاینی، ئەخلاقی و زانستی لە فۆڕمێكی ئەدەبیدا پێشكەش دەكا))(هالبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٨، ٥٠). شیعری فێركاری چەندین زاراوە و پێناسەی جیاوازی لە زمانە جیاوازەكاندا بۆ بەكارهاتوە، كە مەبەستی هەمویان گەیاندنی زانیاری و بەها ئەخلاقیەكانە بە خوێنەر، هەستە خودی و تایبەتییەكان بە تەواوەتی پشتگوێ دەخات.

لەم ڕۆژنامەیەدا ژمارەیەكی كەم لەو شیعرانەی بڵاوكراونەتەوە، ناوەرۆكی فێركارییان هەیە، ژمارەیان تەنها (٥) پارچە شیعرە، (قانع ١٨٩٨-١٩٦٥) لە شیعری (لەگەڵ زانین) لە (ژ١٨٣، ل٢، ساڵ: ١٩٦٢)دا، بەشێوەیەكی ڕون و بەزمانێكی سادە و ڕەوان و بێ گرێ، هانمان دەدات بۆ خوێندن و فێربون و كۆششكردن، واتە وشەكانی دورن لە تەمومژی و لێڵی و لە ئاستی فێركردنی منداڵاندان، فێرمان دەكات ئێمەش وەك میللەتانی دیكەی جیهان هەوڵی بە دەستهێنانی زانست و زانیاری بدەین، بە تەواوەتی خاڵییە لە هەستە خودی و ناوەكییەكانی شاعیر و دەڵێ:

لەگەڵ زانین

چاكــی چلۆنـی مەرحەبا زانین بۆ پێشكەوتنت هـــــــەزار ئافەرین
باوەڕم هەیە بـە سیدق و یەقین هەر تۆ پێش ئەخەی كۆمەڵی بێ تین
ئافەرین زانین! هەزار ئافەرین
شێرە گەرچەكت كرد بە كارەبا ئاسن و دارت وەك كــــەر بار ئەبا
بێ تەلت وشە شارە و شار ئەبا ئــــــــافەرین لە تۆ، زانین مەرحەبا

لەبەرئەوەی شیعرەكە ناوەڕۆكێكی فێركاری هەیە، وشەكانی بە زمانێكی ڕەوان و سادە و دورە لە لێڵی نوسراون، لە چوارچێوەی ئاستی فێركردنی منداڵاندایە.

## ئەنجامەكان:

١- لەڕێگای ئەو شیعرانەی كە بڵاویان كردونەتەوە، هەوڵی هۆشیاری كۆمەڵایەتیان داوە و هەوڵیانداوە گیروگرفت و دەردەكانی كۆمەڵگا و دیوە خراپەكانی كۆمەڵ بخەنەڕو.

٢- داستانە شیعر وەك بەشێكی گرنگی ئەدەبیاتی كوردی، گرنگی خۆی هەیە لەم ڕۆژنامەیەدا و یەكێك لە داستانە شیعرە بەناوبانگەكانی ئەدەبیاتی كوردی تێدا بڵاوكراوەتەوە، كە داستانی (شیرن و خەسرەو)ە.

٣- ڕەنگدانەوەی ئامانجە فێركاری و پەروەردەییەكان لە بەشێك لەو شیعرانەی، كە لە ڕۆژنامەكەدا بڵاوكراونەتەوە، هاندانی منداڵانی كورد بۆ فێربون و بەدەستهێنانی زانست و زانیاری.

٤- بڵاوكردنەوەی بەشێك لەو شیعرانەی، كە پێكهاتە و ناوەڕۆكێكی درامیان هەیە، وەك شێوەیەكی تازەی ژانری شیعر لە ئەدەبیاتی كوردی لەو سەردەمەدا.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper26

# The Basic Forms of Poetry gener in the “Kurdistan” Newspaper of Tehran
# This paper is a part of master's thesis entitled:

" Reflection of literary Genres in the “Kurdistan” Newspaper of Tehran"

**Mariwan Omar Hassan[1] - Awara Khadr Mahmoud[2]**

[1]Department of Kurdish Language, College of Language, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Department of Kurdish Language, College of Basic Education, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**:

The term genre in the literary literature means (type, style, category, or literary element). genres include all the artistic frameworks and templates that poets and writers use to shape their thoughts, consciousness and emotions. In ancient times (classical age) the boundaries between literary genres are clearly defined on the basis of the purity of genres. In general, genres had enjoyed a kind of independence. However, in the later stages, the boundaries between genres were crossed since they merged, went into each other and lost their sanctity and independence. For example, a genre of epic or free verse poetry is a combination of the characteristics of two or more genres within one new literary genre. In addition, the four main genres of poetry, lyric, epic, drama, didactic form the general structure of the base of poetry, each of which has several different genres. This feature, of course, existed in the most publications of the 'Kurdistan Newspaper' in Tehran.

**Keywords**: Basic Genre of Poetry and Prose, Genre, Kurdistan Newspaper in Tehran, Type, Style, Lyrics, Novelty Poetry, Dramatic Poetry and Educational Poetry.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper26**

## سەرچاوەکان:


الماضی، د. شکری عزیز (٢٠١٠) تیۆری ئەدەب، وەرگێڕانی: پ.ی.د. سەردار ئەحمەد گەردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر.
حسین، هەڤاڵ ئەبوبکر (٢٠٠٧) چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە ژیان و ژیندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
رەسول. د. شوکریە (١٩٨٩) ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، زانکۆی سەلەحەددین، هەولێر.
رەسول، د. عیزەدین مستەفا (٢٠١٠) لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی سێیەم، بڵاوکراوەی ئاراس.
شەمیسا، د. سیروس (٢٠١٨) ڕێبازە ئەدەبییەکان، وەرگێرانی: هیمداد حوسێن و سەنگەر نازم، چاپی یەکەم، ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
قەرەنی، ئەحمەد (٢٠٠٧) شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا، نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، چاپی یەکەم، هەولێر.
مەنتک، د. حەمە (٢٠١٩) چەشە و چەشنە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەم و زین، هەولێر.
مەولود، د. ڕێزانساڵح و نازم، سەنگەر (٢٠١٨) ژانرە ئەدەبییەکان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر، هەولێر.
هاڵبێرگ و دانەرانی تر، پیتەر (٢٠١٨) تیۆریی ئەدەبی و شێوازناسی، وەرگێڕانی: ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.
هەورامی، حەمە کەریم (٢٠٠١) درامای کوردی لە ناو درامای جیهاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

الراجحي، د. عبده (٢٠٠٧) محاضرات فی الآدب المقارن، دار النهضة العربية، بيروت – لبنان.
اسماعيل، د. عزالدين (٢٠١٣) الآدب و فنونه: دراسة و نقد، دار الفكر العربی.
دوزه، متی (٢٠١٨) تداخل الانواع الآدبية والفنية فی الكتابة الشعرية الجزائرية المحاصرة، آطروحة الدكتوراه، كلية الاداب واللغات، جامعة الاخوة منتوری – قسنطينة.
رشام، د. فيروز (٢٠١٧) شعرية الآجناس الآدبية فی الادب العربی: دراسة آجناسية لآدب نزارقيانی، طبعة١، دار فضاات للنشر والتوزيع، عمان.
ستالونی، ايف (٢٠١٤) الآجناس الآدبية، ترجمة: محمد الزكراوی، طبعة١، توزيع: مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.
شريف، عبدالعزيز (١٩٩٢) الآدب الفكاهی، طبعة١، الشركه المصرية العالمية للنشر والتوزيع، لونجمان.
مندور، د. محمد (٢٠٠٦) الآدب و فنونه، الاداره العامة للنشر، الطبعة الخامسة.

تقی، پورنامداريان (١٣٨٦) انواع ادبی، مجله علوم ادبی دانشگاه قم، سال ١، شماره ٣.
سيماداد (١٣٩٠) فرهنگ اصطلاحات ادبی، چاپ پنجم، انشرات مرواريد، تهران.
شميسا، د. سيروس (١٣٨٧) انواع ادبی، چاچ چهارم، تهران، چاپخانة تابش- ميترا.

غفور، عبدالصمد قادر (٢٠١٥) ژانرەکانی ئەدەب لە گۆڤاری هەتاودا، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper26

قاضی، ڕەوەند حمەجزا (٢٠٢١) ئیستاتیکای وەسف لە چیرۆکە شیعرەکانی ئەنوەر قادر محەمەددا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

ڕۆژنامەی کوردستان (١٩٥٩-١٩٦٣) تاران، چاپخانەی اختر شمال، ئامادەکردن و لە چاپدانەوەی بنکەی ژین و ئەکادیمیای کوردی، (٢٠١٢) چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper26